فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان جەخت دەکاتەوە لەسەر پەویستی پەرەپێدانی کاری هەواگری و ئەمنی لە پارێزگای نەجەف



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی سەرکردەکانی دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی کرد لە پارێزگای نەجەف، بۆ ئامادەبوونی پارێزگاری نەجەف و بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بۆ کاروباری هەواگری و لێکۆڵینەوەی فیدرالی و سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە پارێزگاکە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باڵوی کردەوە سودانی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە سەقامگیری ئاسایشی نەجەف گرنگییەکی زۆری هەیە بەهۆی ئەو پێگە ئایینی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و شارستانی و کولتووریەوە کە نوێنەرایەتی دەکات و جەختیشی کردەوە لەسەر پەویستی پەرەپێدانی توانا تەکنیکی و مەیدانییەکانی دەزگا ئەمنییەکان لە پارێزگاکە.

هەروەها سودانی جەختی لەوە کردەوە کە پەویستە کاری ئەمنی هاوشان بێت لەگەڵ جووڵەی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان لە عێراقدا و جەختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پەویستە کەم و کورتی نەبێت لە دەسپێکی ئەمنیدا بەهۆی هەستیارییەکەیەوە و زۆرترین ئاستی هەوڵەکانی هەواگری بخرێنگەڕ بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش.

فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان فەرمانی کرد گرنگی بە کارمەندان و کاروبارەکانیان بدەن و پەداویستییەکانیان دیاری بکەن، بە شێوەیەک کە وایان لێ بکات لە بەرزترین ئاستی ئامادە باشیدا بن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و ماماڵەکردن لەگەڵ هەموو حاڵەتەکاندا، بە بەدەستهێنانی بەردەوامی ئاسایش، هێزەها فەرمانی کرد بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیاندا بکەن بە ئاوڕی ببنە ڕێنگدانەوەی وێنەیەکی هوونا‌ک و گەشاوی دەوڵەت و دڵزگا ئەمنییەکان.